

# میتێران، له نێوان دونیای ئەدەب و سیاسەتدا

خەسرۆ پیربالْ

له دونیای سیاسەتدا، هیچ سەرکردەیەك بەقەدەر سەرۆکی ڕابردووی فەڕەنسا کتێب و نووسراوی له سەر نەنووسراوە، هەتا ئێستا زیاتر له 250 کتێب و ووتاری جۆراوجۆری له سەرنووسراوە، لەو کتێبانەش هەندێکیان بە شێوەیەکی زۆر ڕەخنەگرانه له سەری دواون، وە بە تایبەتیش دەربارەی ڕابووردویەکی سەیرو سەمەرەی که هەتا سالآنی 1994 هەر بە شاراوەیی مابووە، نزیك له حکومەتی ئەلْمانی، حکومەتی ڤیشی ( که یەکێکه لەو لاپەڕە مێژوویانەی فەڕەنسا که ئێستاش گەلێك گفتووگۆی له سەر دەکرێت، وای لێهاتووە بۆتە ئەو ڕابردووەی که ڕانابووریْ )، سەرجەم ئەم نووسراوانه له سەر پەیوەندیە نهێنیەکانی، نەخۆشیه کوشندەکەی که هەر له سالْی 1981 وە دەیزانی که نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە، وە هەروەها میتێران یەکێك بووە که پێشنیاری کردووە له هەلْگیرساندنی شەڕی فەڕەنسا لْەگەلْ جەزائیردا، ئەو کاتە وەزیری ناوەخۆی فەڕەنسی بووە.

فەڕەنسوا میتێڕان بۆ 14 سالْ سەرۆکایەتی فەڕەنسای کردووە، پێشتریش وە بۆ یەکەمین جار سەرجەم هێزەکانی چەپی کۆکردەوە بۆ ئەوەی له خۆهەلْبژاردنێکا، له 1981 گەلێك دەنگی هێنایەوە، وە هەلْبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی فەڕەنسا.

میتێران سەرکردەیەکی ئێجگار ڕۆشنبیربوو، بە درێژایی ئەو سالآنەی ژیانی خەریکی نووسین خوێندنەوە بووە، گەلێك نووسەرو ڕۆشنبیری له دەووره بووە، گەلێك یاسای چاك و یاریدەرەری ڕۆشنبیری له سەرۆکایەتی له سالآنی ( 1981-1995) باشترین و بە بەهاترین پرۆژەی ڕۆشنبیری پەسەند کراون، چەندین پرۆژەی گەورە گەورەی ڕۆشنبیری و هوونەری بە نرخ له فەڕەنسا ئاواکردۆتەوە، بۆ نموونه : کتێبخانەی گەورەی فەڕەنسی، که پاشان بوو بە کتێبخانەی فڕانسوا میتێران،
مۆزەخانەی لوڤەر نووژەنکرایەوە، وە بەشێوەیەکی گشتی کاتێك دەڕوانیتە ژیانی ڕۆشنبیری ئەم وولآته مەحالْه بووارێکی ڕۆشنبیری و هوونەری ببینی و شوێنپەنجەکانی ئەم پیاوە ڕۆشنبیرەی پێوە دیار نەبێت، هەروەها له ئاستی بەرەو پێشەوەبردنی پرۆسەی یەکیەتی ئەوڕوپاش ڕۆلێکی ئێجگار گەورەو گرینگی هەبووە.
گەلێك کەم هەبووە سەرکردەیەکی سیاسی هێندە هۆگری ئەدەب و ڕۆشنبیری بێت، له کاتی پشوودانی خانووەیەکی زۆر سادەی هەبوو له خوارووی فەڕەنسا له گووندێك که ناو – لاتشیْ– ە وە هەر له شوێنەدا مێوانداری گەلێك له نووسەرانەی فەڕەنساو دوونیای کردووە. ڕێزی گەورەی بۆ ڕۆشنبیران هەبووە.

فڕانسوا مۆریاك، نووسەری گەورەی فەڕەنسی که یەکێکه لەو برادەرانەی مندالْی میتێرانەوە، وە هەردووکیان له هەمان ناوچەی خوارووی ڕۆژئاوای فەڕەنسا ژیاوون و وە له بوواری نوسینیش شێوازو سەلیقەیان گەلێگ لەیەکتر دەچن، دەربارەی

بەهـرەی نووسـینی فرانسـوا میتێـران ووتوویەتـی: " میتێـران لـە جیاتـی ئـەوەی مـێژوو دروسـت بکـات، دەیتوانـی مـێژوو بنووسێت، وە دەکرا ببوایە نووسەرێکی چاك ."

پـۆل گـیومار –ی ڕۆمانووسـیش لـە گفـتووگۆیەکدا ووتوویەتی : من زۆر دڵنیام لە هێزو توانای فیکریو نووسین و دەربڕینی فرانسوا میتێران.

لـە ئاسـتی نێودەووڵەتـیدا میتێـران وەکـوو سـەرۆکێك و سیاسـەتمەدارێك ناسراوە، بەڵام ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی فەرهەنگیـو سیاسی ووڵاتی فەڕەنسان ئەزانن کە ئەم سەرکردەیە خاوەنی فەرهەنگێکی ئێجگار گەورەو فراوان بووە. هەر لە سـەرەتاکانی هـەرزەکاری و گەنجایەتـیدا، ئـەو کاتـە لە زانکۆی پاریس قووتابی کۆلیژی یاسا بووە، لە تەك ئەوەوە خەریکی خوێندنەوە ی ئەدەبیاتی فەڕەنسی بووە، وە زۆر حەزی لە فەلسەفە بووە، خاوەنی نۆ کتێبی خۆیەتی.

میتێـران لـە 26 ئۆکـتۆبەری سـاڵی 1916، لـە گـوندێك کـە ناووی– ژارناك–ە هاتۆتە دونیاوە، لە خێزانێکی زۆر ئایندار مەسـیحی و خوێـندەوار گـەورە بـووە. لەگـەڵ ئـەوەش هەرگیـز نەدەچووە نوێژی ڕۆژی یەکشەممە لە کەڵیسە، بەڵام ئەوەی وەکوو نووسراوو کتێبە ئایینیەکان هەمووی دەخوێندەوە.

دەربـارە بارووذۆخـی تەندروسـتیشـی هـەر لـە سـاڵانی 1980 وە دکتۆرەکانی زانیبوویان کە تووشی شێرپەنجەی پرۆستات بـووە، وە ئـەم هەواڵـە بلاونەکرابۆوە لە بەر هۆی تایبەت، هەتا ڕێکەوتی 15–4–1996، لە پاریس فرانسوا میتێران گیانی سپاردە یەزدان و کۆچی دووای کرد.

پـاش مردنی جگە لە یادگاریەکانی کە لە شێوەی گفتووگۆیەك لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێك سازکرابوو، هەندێك بەرهەمی ئەدەبی و ووتارو شیعری جێ هێشتووە.

ئەمەش چەند پارچەیەك لە شیعرەکانی فەڕەنسوا میتێران:

- دونیا خڕە –

ناکرێ ماڵئاوایی لە یەکتر بکەیین

چاوەڕێکە

بەیانی ولاتێکمان دەبێت کە خۆشمان بیری لێناکەینەوە

بەیانی، ڕۆژێکی دووردرێژە

ڕۆژگارێکی ساردوسڕو مەللورە

دەریا، هیچ شوێنێکی نیە تیایدا چاوەڕوانی تۆی تێدا بکەم

بەیانیش تۆم تێدا خۆش بووێت

لە کوێ بزەی چاوەکانت دەدۆزمەوە

نێوان ئەو هەموو ڕێگایانەدا

هەموو ڕۆژێك سەفەرێکە

سەفەرێکە بەرەو داهاتوو

ناکرێت ئەم دەرسە لە بیر بکەییت

ئەم دەرسە، دەرسێکە بۆ ئەو ڕۆژەی ئیتر ڕۆژی نوێی تری بەدواوە نایێت

مردنی ئەبەدی کۆچ و غوربەتە

ئەو مردنە لە هیچ ناکات

من ناتوانم بە کەس بڵێم : ماڵئاوا

من ناتوانم

بەڵام باشە دوونیا خڕەو ڕۆژێك دادێ و دەگەینەوە یەکتر.

چاوەڕێکە ...

– سەحرا –

لە سەر پشتی حوشترەوە سەحرا دەبینم

سپی، وەکوو ناولەپم

تامی ئەم بەهارەم چەند پێخۆشە

چەندە تاڵە، هێندەش شیرینە

سەیرکە،

من دەزانم ئەم باڵندە ڕەشەیە خەبەرمان لێدەدات

بەڵام هەوڵ نادەم بۆ گرتنی

ئاوە سازگارەکەی ئەم بیرەش چارەنووست دیاری دەکات

ئەم چارەنووسە ڕەشەمان، ئای چەندە لێی دەترسم

خواردنەوە درۆیەکی گەورەیە

نازانم حەسانەوەیە یان خیانەتە ؟ ئەم زار فرێدانەمان

یاریکردن بە لمی ئەم لێوار دەریایە

خیانەتە خەون بینینمان، خیانەتە نوستنمان

ماوەیەکی زۆرە، چاوەکانم ووشك بوونەتەوە

یادگاریەکانی ئەم ئۆقیانووسە

سەدەفی بۆش و بەتاڵن

هیچیان لەناو نادۆزیتەوە

2002–1–20

سەرچاوەی شیعرەکان :

Francois Mitterrand، ou la tentation de l، histoir، Franz-Olivier Giesbert، Point actuels، -Paris، seuil، 1990 .